# زەكاتی ماڵ وداراییی كە قەرز بێت

﴿ زكاة مال الدين ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]

حاجی ئومید چروستانی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ زكاة مال الدين ﴾

« باللغة الكردية »

حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# زەكاتی ماڵ ودارایی كە قەرز بێت

برایەك پرسیارێكی كردبوو لێمان دەقی پرسیارەكەشی ئەمە بوو : من سەیارەیەكم هەیە بەقەرزم فرۆشتوە ئایە زەكاتی لێ دەكەوێت ؟ ئێمەش پێمان خۆش بوو لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەم بەدواداچوونە بۆ پرسیارەكەی بكەین .

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ودرودی بێ پایانیش بۆسەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وهاوەڵ وشوێن كەوتوانی هەتا هەتایە.

سەرەتا سەبارەت بەزەكاتی قەرز دەبێت بزانین زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوەچیان ووتوە؟ ئایا قەرز زەكاتی لێ دەدرێت؟ وەئایا چۆن چۆنین زەكاتەكەی لێ دەدەرێت ؟

لەم بارەیەوە زانایانی هەر چوار مەزهەبەكەی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ڕای جیاواز جیاوازیان هەیە هەوڵ ئەدەین بەیارمەتی خوای گەورە هەموویان بخەینەڕوو، پاشان ڕای زانایانی سەردەمیش بخەینەڕوو لەگەڵ ئەوەشی بەلای ئێمەوە پەسەندە وراجحە .

**ڕای یەكەم :** زەكات لەقەرزدا واجبە بەشێوەیەكی ڕەها ( مطلق) جائەگەر ئەو قەرزە لەسەر كەسێكی دەوڵەمەند بێت، یان لەسەر كەسێك بێت كەنەتوانیت بیـداتەوە كەبە( المعسر ) ناودەبرێت لەنێو زانایاندا، یان ئەو قەرزە قەرزێكی دواخراو ( المؤجل ) بێت یان قەرزێكی حازر ( حالا ) بێت كەدەبیێت ئێستا بدرێتەوە، ئەو كەسەدان بنێت بەو قەرزەدا یان ئینكاری بكات، جا لەسەر ووتەی ئەم زانایانە خاوەن قەرزەكە دەبێت هەركاتێك قەرزەكەی دەست كەوتەوە ووەری گرتەوەزەكاتی هەموو ئەو ماوەیەی پێشووتر دەربكات - ئەگەر ساڵیك بوو زەكاتی ساڵێك ئەگەر دوو ساڵ بوو زەكاتی دوو ساڵ دەردەكات وهەروەها ...، ئەمەش ڕای هەریەك لەئیمامی ثەوری وئەبی عوبەید ڕای مەشهوری موتەئەخرینی حەنابلەیە .

بەبەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی كەكراوە لەئیمام عەلیەوە( خوای لێ ڕازی بێت ) كەلێیان پرسی دەربارەی قەرزێك كەگومانی ئەوەی لێ دەكرێت كەوەری بگرێتەوە ئەویش

فەرمووی : إن كان صادقاً فليزكه إذا قبضه لما مضى واتە: ئەگەر ڕاستی كرد ئەوە زەكاتی ئەو ماوەیەی پێشووتر دەربكات هەركاتيك وەری گرتەوە.

جا ئەم كۆمەڵە لەزانایان وای بۆ دەچن كە زەكات دەركردن ئیعتماد ئەكاتە سەر موڵك داری ئەو شتە نەك ئیعتماد بكات سەر ئەوەی لەدەست خۆتدا بێت ئەو ماڵە، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی ڕێبوارێك ( ابن السبيل ) ئەگەر لەووڵاتی خۆی دەرچوو زەكات لەماڵەكەی دەردەكات هەرچەندە لەو كاتەشدا ماڵو سامانەكەشی لەدەستی خۆیدا نەبوو، هەروەك چۆن زەكات لەماڵێكیشدا واجب دەبێت ئەگەر بەئەمانەت داتنابوو لای كەسێك .

**ڕای دووەم :** ئەوەیە كەزەكات بەهیچ شێوەیك لەمـــاڵـــی قەرزدا نیە، ئەمەش ڕای ( ابن حزم ) ەوقەول وریوایەتێكی ئیمامی ئەحمەد وقەولی قەدیمی ئیمامی شافعی وشیخ الاسلام ابن تیمەیەش ئەمەی پەسەند كردووە، وابن المنذر یش ئەم ڕایەی گێراوەتەوە لەهەریەك لەعائیشەی دایكی باوەڕداران وعەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە، هەروەك بەیهەقی لەسونەنەكەیدا ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردوە، تەنانەت ئیمامی شافیعی لەقەولی قەدیمیدا ئەڵێت : هیچ بەڵگە وئەثەرێكی صەحیح نیە كە دەلالەت بكات لەسەر واجب بوونی زەكات لەماڵی قەرزدا هەتاوەكو دەستی پێوەبگرین وپشتگوێی نەخەین، لەبەر ئەوە خوای گەورە عالم ترەوا نابینم زەكات لەقەرزدا واجب بێت،  ئەمەش صەد لەصەد پێچەوانەی ڕای یەكەمە وبەڵگەیان ئەوەیە زەكات لەماڵێكدا واجب ئەبێت كەلەدەستی خۆتدا بێت نەك لە( ذمة ) وگەردنی یەكێكی تردا بێت، قەرزیش لەذمەی خەڵكی تردایە، ئەمجا خوای گەورە زەكاتی لەماڵدا واجب كردوە وەك ئەفەرموێت : ( خذ من أموالهم صدقة .... ) { التوبة : ١٠٣ } واتە: زەكات لەماڵەكانیان وەربگرە، هەر بۆیە دەبینین زەكات لەماڵی شێت ومناڵ واجب ئەبێت لەبەر ئەوەی لەبەر دەست وحازرە، قەرزیش ماڵێكە حازر وبەر دەست نیە ولەذمەدایە، بۆیە ئێمە ئەڵێن زەكات لەقەرزدا واجب نابێت .

**ڕای سێهەم :**  هەركاتێك قەرزەكەی وەرگرتەوە لەقەرزارەكەی زەكاتی یەك ساڵی لێ دەردەكات، ئەگەر هەر چەند لای بوو بوو، ئەمەش ڕای ئیمامی مالیكە هەروەك لەموطأدا هاتووە، و لەم بارەیەوە ئەڵێت : ئەوەی لای ئێمە هیچ جیاوازیەكی تێدا نیە ئەوەیە كەقەرز خاوەنەكەی زەكاتی لێ دەرناكات هەتا ئەو كاتەی وەری دەگرێتەوە، ئەگەر چەند ساڵێكیش لای بوو بوو، جاهەركاتێك قەرزەكەی دەست كەوتەوەو وەری گرتەوە ئەوە زەكاتی یەك ساڵی لێ دەردەكات، ئەم مەسئەلەیەش لای ئیمامی مالك وەك زەكاتی كاڵای بازرگانی وایە، كەچەند ساڵێك لای خاوەنەكەی بێت، پاشان كاتێك كەئەیفرۆشێت لەسەر خاوەنەكەی تەنها  یەك جار وزەكاتی یەك ساڵی لێ دەردەكات، دیسان ئەمەش ڕای عەطاء بن أبی رباح وحەسەنی بەصریشە، لەم بارەیەشەوە عطاء

ووتویەتی : لەو قەرزەی کەچەند ساڵێك خاوەنەکەی وەری نەگرتوەتەوە، کاتێك کە وەری گرتەوەو هاتەوە دەستی یەك جار زەکاتی لێ دەردەکات .

**ڕای چوارەم :** ئەم کۆمەڵە کەمێك مەسئەلەکەیان وورد کردۆتەوە، ووتویانە: ئەگەر هاتوو ئەو قەرزەلای کەسێکی دەوڵەمەندی سەر ڕاست بوو بەشێوەیەك خاوەنەکەی هەرکاتیك داوای بکاتەوە دەیداتەوە وبۆی ئامادەئەکات، هەروەك چۆن کەسێك پارەکەی بەئەمانەت لای کەسیك دانابێت هەر کاتێك ئارەزووی لێ بێت وەری دەگرێتەوە، لەم کاتەدا، کەسی خاوەن قەرز لەگەڵ ماڵەکەی خۆیدا هەموو ساڵێك زەکاتی ئەو قەرزەش دەر ئەکات،ئەمەش ووتەی مەزهەبی شافعی وقەولی جەدیدی ئیمام شافعی خۆشیەتی، دیسان ڕایوایەتێکی ئیمامی ئەحمەد ورای ئەبی عوبەید وئیسحاقیشە، هەروەها ڕیوایەتیش کراوە لەعومەری کوری خەتاب وعوسمانی کوری عەفان وجابری کوری عەبدوڵڵاوە( خوایان لێ ڕازی بێت ) کەقەرز ئەگەر هاتوو لای دەوڵەمەندێکی سەر ڕاست بوو بەو مانایەی کەئینکاری نەکات و هەرکاتیك خاوەنەکەی داوای بکاتەوە دەیداتەوە ئەوە دەبێت خاوەن قەرزەکە هەموو ساڵێك لەگەڵ ماڵەکەی خۆیدا زەکاتی ئەو قەرزەش دەربکات .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو قەرزەلای کەسێك بوو نەیبوو بیداتەوە، یان لای کەسێك بوو ئینکاری دەکرد کەقەرزی ئەو کەسەی لا بێت، لەم حاڵەتەدا ئەم قەرزەزەکاتی لەسەر واجب نابێت هەتا ئەو کاتەی وەری دەگرێتەوە، جا هەرکاتێك وەری گرتەوە ئەوەزەکاتی ساڵێکی لێ دەردەکات، هەندێك لەزانایانیش پێیان وایەیەك ساڵی تری بۆ تەواو دەکرێت ئەمجا زەکاتی لەسەر واجب دەبێت .

ڕای شێخ محمد بن صالح العثیمین یش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) وەك زانایەکی هاوچەرخ لەسەر ئەوەیە کەقەرز پێش وەرگرتنەوەی زەکاتی لێ واجب نابێت، چونکەخاوەن ماڵ ماڵەکەی لەدەستی خۆیدا نیە، جا ئەگەر ئەو قەرزەلای کەسێکی دەوڵەمەندی سەر ڕاست بوو، ئەوە هەموو ساڵیك زەکاتی لەسەر واجب دەبێت، جا ئەگەر خاوەن قەرز هەموو ساڵێك لەگەڵ ماڵەکەی خۆیدا زەکاتی ئەو قەرزەشی دەرکرد ئەوەئەستۆی خۆی پاك کردۆتەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ ماڵەکەی خۆیدا زەکاتەکەی دەرنەکرد ئەوەواجب دەبێت لەسەری هەرکاتیك قەرزەکەی وەرگرتەوەزەکاتی هەموو ئەو ساڵانەی پێشوو تری بدات، چونکە خاوەن قەرز بەئارەزووی خۆی داوای ناکاتەوە هەرکاتێکیش داوای بکاتەوە قەرزارەکە بۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو قەرزەکە لای کەسێکی نەدار بوو یان لای دەوڵەمەندێکی وابوو نەی ئەتوانی داوای بکاتەوە، لەبەر هەر هۆیەك بێت. ئەوە هەموو ساڵێك زەکاتی لەسەر واجب نابێت، چونکە خوای گەورە لەبارەی قەرزی سەر کەسی نەدار فەرمویەتی : ( وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ ) واتە: ئەگەر قەرزتان لای کەسی نەبوو ونەدار بوو، ئەوە مۆلەتیان بدەن تا ئەو

کاتەی دەیانبێت وبۆتان دەگێڕنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کابرای خاوەن قەرز ناتوانێت قەرزەکەی دەست بخاتەوە، وکاسپی پێوەبکات وسوودی لێ وەربگرێت لەبەر ئەوەزەکاتی تێدا واجب نیە، جا هەندیك لەزانایان ووتویانە هەرکاتێك قەرزەکەی وەرگرتەوە ئەوە زەکاتی یەك ساڵی ئەدات، هەندێکی تریش ووتویانەئەو قەرزەئەبێت پێشوازی لەساڵێکی نوێ بکات ئەمجا زەکاتی لێ دەردەکرێت، بەڵام ئەحوەط وایە هەرکاتێك وەری گرتەوە زەکاتی یەك ساڵ بدات ، خواش لەهەموو کەس زاناترە.

جا برای ئازیز : بەنسبەت قەرزەکەی تۆشەوە ئەوەی ئێمە پەسەندی دەکەین لەنێوان ووتەی زانایان هەر هەموویاندا، ئەوەیە کە ماڵی قەرز زەکاتی لێ نادرێت تا ئەو کاتەی وەری دەگریتە وەهەر کاتێکیش وەرت گرتەوە تەنها زەکاتی یەك ساڵی لێ دەدرێت، ئەمەش وەك ڕایەکی مام ناوەند لە نێو ئەو ڕایەی کە دەڵێت قەرز بەهەر شێوەیەك بێت هەموو ساڵێك زەکاتی لێ دەردەکرێت، لەنێو ئەو ڕایەیشی کەدەڵێت قەرز بەهەر شێوە وهەر جۆرێك بێت زەکاتی لێ نادرێت، چونکە ئەگەر هاتوو وتمان دەبێت هەموو ساڵێك زەکاتی لێ دەربکەیت ئەو کاتە بەرژەوەندی کەسی خاوەن قەرز دەفەوتێت بەوەی پێ دەچێت ئەو بڕەی پارەیەی کەلەقەرزدایە لەکۆتاییەوە زەکات هەر هەمووی بخوات بەمەش ئیتر کەس نابینیت قەرز بدات بەکەسی تر دیسان ماڵی قەرزیش ماڵێك نیەکەشایانی ( نەماء = گەشەکردن ) بێت چونکە خاوەنەکەی ناتوانێت کاسپی پێوەبکات وبیخات ئیشێکەوە، دیسان ئەوەش ناڵێین کەقەرز هەر زەکاتی لێ نادرێت، چونکە بەمەش بەرژەوەندی هەژاران ئەفەوتێت، بۆیە ئێمە وەك خۆمان ئەوەمان لاپەسەندە کەماڵی قەرز لای هەر کەس بێت _ دەوڵەمەند بێت یان هەژار هەیبوو بیداتەوە یان نەیبوو - هەرکاتێك خاوەنەکەی وەری گرتەوە واجبە زەکاتی یەك ساڵی لێ دەربکات .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**